# نزار خەیلانی:

## حاجی ئۆمەران لە جیاتی هاوینە هەوار بۆتە قاچاخە هەوار !



**( نزارخەیلانی ) سەرەتا وەك شانۆنووس و شاعیر خۆیناساند، دواتریش هاتە نێو دونیای سیاسەتو توانی چالاکانە کار بکات تا ئەمڕۆ، لەدواییدا بوو بە شارەزا لە گەشتوگوزار، بەو ئەزمونەی خۆیشیەوە توانیوویەتی خزمەتێکی گەورە بە گەشتوگوزار لە کوردستان بکات، هاوکات خاوەنی ووتارگەلێکیشە لەسەر گەشتوگوزار، کە لەڕێگایەوە هەوڵیداوە بەشێوەیەکی زانستیانە لایەنە چاكو خراپەکانی ئەم بوارە دەربخات بە ئاڕاستەی باشتربوون، لە هاتنەوەیەی بۆ کوردستان، لە دیمانەیەکی کورتدا ئاماژە بەچەند پرسێکی گرنگ دەربارەی گەشتو گوزار و هاوینەهەوارەکان دەدات.**

**دیمانە : ئیسماعیل ئەبابەکر**

**بەڕێزت وەك شاعیر ناسراوی، دواتر چویتە ناو کاری سیاسەت، بەلاّم لە دواییدا بووی بەشارەزا لە گەشت و گوزار ئەمە چۆن بووە؟**

**نزار خەیلانی:** یەکەم جار وەك شاعیر نەهاتوومەتە ناو جیهانی ئەدەب ، بەڵکو بەپێچەوانەی هەموو شاعێرەکان وەك شانۆ نووس دەستمپێکرد، دوای ئەوە دەستمکرد بە نوسینی شعر، هەر لە تەمەنی دوانزەساڵیشەوە چوومە ناو سیاسەت تا ئەمڕۆ. ئەو کارەی ئێستاشم بەشێکە لە سیاسەت، چونکە سیاسەت هەر رۆژگارەو پێویستی بەجۆرە خزمەتێکە جاران پێویست بوو خۆت لەگەڵ رێکخراوە سیاسیەکان رێکبخەی، ئەمڕۆی خەباتیش بەلای منەوە پێویستە لە بواری شارەزایی خۆت(جا کەمبێ یان زۆر) دەست بە خزمەتکردن بکەی. من تاڕادەیەك لە بواری گەشتوگوزاری شارەزاییم هەیە، ئەوەش بە حوکمی ئەوەی کە دەرچووی کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری زانکۆی موستەنسریەی بەغدا_ بەشی گەشتوگوزارم، من لەو کاتەوە خزمەت بەم بوارە دەکەم، کوردستانیش لەهەموو بوارێك زیاتر پێویستی بە خزمەتکردنی گەشتووگوزار هەیە، چونکە گەشتوگوزار پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە هەیە، گەشتوگوزار زانستێکە دابەش بووە بە سەر گەشتکاریو میوانداری، جگەلەمە پەیوەندی هەیە بەلایەنەکانی پەروەردە، هوشیاری، کشتوکاڵیو ئابووری..تد، لە کوردستاندا زۆری ئوتێل، مۆتێلو بنکە گەشتوگوزاریەکان دڵی من خۆش ناکات، بەڵکو تێگەیشتنو پەرەپێدانی خزمەتگوزاری لەو شوێنانەدا دڵی من خۆش دەکات، چونکە هۆتێلی یەکجار چاك دروست بکە بیدە دەست یەکێکی نەزان بەچەند مانگێك خراپی دەکات..! بەلاّم ئەشکەوتێکی پڕ لە مارو دوپشك بدە دەست کەسێکی شارەزا لە گەشتوگوزار ئەیکات بە بنکەیەکی سەرنجڕاکێشی گەشتوگوزاری...، ڕووکردنم لەو بوارەدا تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باری ئێستای کوردستان ئەخوازێ ئێمە بەپێی شارەزایی خۆمان خزمەت بکەین، بەمشێوەیە ئێمە ئەتوانین خزمەتێکی گەورە بە وولاّتەکەمان بکەین.

**تۆ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ گۆشەیەکی هەفتانەت هەیە، تێیدا ڕەخنە لە ناوچە گەشتوگوزاریەکان ئەگریت و کەموکوڕیەکانیان دەخەیە ڕوو بوونی ئەو کەموکوڕیانە لە ئەنجامی ئەوەیە کە کەسی تەکنۆکرات لە بنکە گەشتوگوزاریەکان نییە؟**

**نزارخەیلانی:** سروشتی من وایکردووە نەرمبم، بۆیە رەخنەکانیشم نەرم و رەخنەی دروستکەرن، بۆ بەرەو پێشچوونو باشتربوونیانە نەك بە پێچەوانەکەی. لە رەخنەکانیشمدا هەمیشە هەوڵی ئەوەمداوە(بە تایبەتی لەمدواییانە)ناوی ئەو شوێنانە نەهێنم کە مەبەستمە باسی بکەم، چونکە مەبەستم شکاندنی سومعەی فلاّن شوێن یان خاوەنەکەی نییە، بەلاّم ئەوەی پێویستە بیلێم: ئێمەی کورد وەك هاوولاّتی باشترە وازبێنین لەخۆ دەوڵەمەندکردن. گەشتوگوزاری لای ئێمە بۆتە وەسیلەیەك (ئامرازێك) بۆ پارە پەیداکردنو هیچ مەبەستێکی تری بە دواوەوە نییە ! بەم شێوەیە گەشتوگوزار پێشناکەوێت دەبێ ئێمە لە ماڵی خۆمانو باخچەی ساوایانەوە دەست پێبکەین، بۆ ئەوەی میللەتێکی وشیارو رێكو تەندروست بین، کە بتوانین دوا رۆژی ئەو کۆمەڵگایە بەهەموو ئەو شتانەی تێیدایە لە ڕووی ژینگە، دارستانو سامانی ئاژەڵ بپارێزن، خۆمان بگۆڕین پەرە بە خۆمان بدەین فێری (ئەتەکێت) بین،



شارەزا بین بۆ ئەوەی خەڵك وا سەیرمان نەكات ئێمە كۆمەڵگایەكی دوا كەوتووین. ئێمە لەو بوارانە هیچ نەچووینەتە پێش! كوردستان وڵاتێكە هەموو پێداویستیەكانی گەشت و گوزاری تێدایە لە جوانی سروشت، خۆشی ئاو و هەوا، گۆڕانی وەرزەكانی ساڵ، هەمەچەشنی كولتوور و ناوچەو جوگرافیا تا دەگاتە فرە ئاینی، سەیركە ناوچەی بادینان لەگەڵ سۆران، سۆران لەگەڵ هەورامان، كوێستان لەگەڵ گەرمیان جیاوازە لە جلوبەرگ تا دەگاتە شێوەی ئاهەنگو مەراسیمە تایبەتیەكانیشیان ئەمانە هەمە ڕەنگیەك دروست دەكەن كە بەدەگمەن، لە دونیا ئەو جوانیانە دەبینی.

**ئەو جیاوازیانە چین كە ناوچەو بنكە گەشتوگوزاریەكان لەگەڵ هاوینە هەوارەكان هەیانە؟**

**نزار خەیلانی:** بەڕای من پێویستە تەنیا بەو شوێنانە بڵێن هاوینە، زستانە، یان بەهارەو پایزە هەوار كە زۆر دواكەتوون! چونكە ئەو دەستەواژەیە بەو شوێنانە دەوترێت، كە هەوا گۆڕی تێدا ناكرێ. ئیمڕۆ بە هۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا دەتوانرێت لە هاوێنێكی زۆر گەرمدا لە شوێنێك دانیشی كە بنكەیەكی گەشتوگوزاری بێت (سەرما)ت ببێ، بە هەمانشێوە لە زستاندا ئەتوانرێت بنكەیەكی وا دروست بكرێت كە لێی دانیشین هەست بەگەرما بكەین. من دەمێكە لە ئەورووپام هەستم بەوە كردووە هەموو شوێنەكانیان وا لێكردووە لە هەرچوار وەرزی ساڵدا بتوانی لێی پشوو بدەی.

**تۆ لە سۆران ژیاویت ئەزانیت كە پێگەو هەڵكەوتە جوگرافیاكەی وا یكردووە كە ناوچەیەكی گەشتو گوزاری بێت، خزمەتگوزاری لەسۆران چۆن دەبینی؟**

**نزار خەیلانی:** ناوچەی سۆران بەتایبەتیش ڕواندز زۆر شتی تێدایە كە ئەكرێت بكرێ بە پایتەختی گەشتوو گوزار لە كوردستان..! لەڕووی سیاسی، مێژوویی، سروشتیو كولتووری. رواندز پایتەختی میری سۆران بووە، ڕۆژنامەی زاری كرمانجی لێ دەرچووە كەوتۆتە نزیك سنوری ئێران و توركیا، نزیكیشە لە هەولێری پایتەخت، ئەمەش هۆیەكی ترە كە ئەكرێت رواندز بكرێ بە گەورەترین بنكەی گەشتوو گوزاری، جگەلەمە ڕواندز ئەو سنورەی بڕیوە لە نێوان كرمانجی سەروو كرمانجی خواروودا لە شێوەی جلوبەرگ و دیالێكت. هەروەها سروشتی رواندز وایكردووە چەند شوێنێكی گەشتو گوزاری لێ نزیك بێت وەك: حاجی ئۆمەران، بێخاڵ، جوندیان، گەلی علی بەگ، مێگر و و شانەدەرو چەندین شوێنی تر كە تا ئێستا دیراسەیان لە سەر گەشتوو گوزار بۆ نەكراوە! بەڵام بەداخەوە من لەو گەشتەی هاتوومەتەوە ئەتوانم بڵێم ( من دژی گوزارشت یان دەربڕینی هاوینەهەوارم، پێم باشە بەو هاوینە هەوارانەی سۆران بڵێن

وێرانە هەوار!) هیچ شتێکیان تێدا نیە بۆ نمونە: بێخاڵ وێرانگەیەکە هەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی خانوو و دوکانێکی دروست کردووە بازرگانی تێدا دەکات! بە هەمانشێوە گەلی علی بەگیش وایە! حاجی ئۆمەران لە جیاتی هاوینە هەوار باشترە بڵێن قاچاخە هەوار بۆتە جێگای قاچاخچیان! لە ڕاستیدا جوندیان پێشکەوتنی پێوە دیارەو نوێکارییەکی بۆ کراوە. مرۆڤ کە لە شەقلاوەوە دەردەچێت تا دەگاتە حاجی ئۆمەرانو وەرتێ لەولاشەوە تا مێرگەسۆرو تادێتەوە دۆڵی بالیسان، هۆتێلێکی تێدا نیە، کە بتوانی تێیدا پشوو بدا! توالێت نیە بەکاری بێنی! من لەوە سەرم سوڕماوە بۆ زیاتر لە پازدە ساڵە ڕزگار بووین تا ئێستا ئەبوا زۆر شتکرابا بۆ کوردستان لە لایەن دەسەلات و حکومەت، بەلام پێویستە ئەوەش بڵێم ئەرکی هەرە گەورەی گەشتوو گوزاریی لەسەر حکومەت نیە، بەڵکو لە سەر وشیاری هاوڵاتیە! ئەگەر هاووڵاتی وشیار نەبێتەوە خزمەتی ناوچەکانی خۆی نەکات هەرچی دروست بکرێت سوودی نیەو بێ کەڵکە بۆیە هەمیشە ئەڵێم هاووڵاتی دەبێ بەرپرسیاریەتی سەر شانی خۆی جێ بەجێبکات.

**هاوڵاتی چۆن وشیار بێتەوە؟**

**نزار خەیلانی:** ئەبێ لە باخچەی ساوایانو لە قوتابخانەکان فێربکرێت کاغەز، قوتو، پاشماوە فڕێنەداتە سەر شەقام، پارێزگاری لە پاکو خاوێنی ئاو بکات، (WC) هەموو گوندەکان کەوتۆتە سەر ڕووبار لە کاتێکدا لە زۆر شوێن ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە بە کاردێت ئەمە نەخۆشی بڵاو دەکاتەوە!.

**تۆ بەرپرسیاریەتی گەورە ناخەیتە سەرشانی حکومەت، ئەشڵێی ئەبێ لەباخچەی ساوایان و قوتابخانەوە فێربکرێن، ئەمە مانای ئەوە نیە ئەرك لە هوشیارکردنەوە و فێرکردن لە ئەستۆی حکومەتە؟**

**نزار خەیلانی:** نا..نا.. حکومەت هەموو شتی لەسەر شانە، چونکە حکومەت بەرپرسە لە ئیدارەدانی کۆمەڵگا ئەوە ڕاستە، بەلام حکومەت ناتوانێ بە زۆرە ملێ هاوڵاتی فێر بکات. حکومەت تەنیا بەسزا (غرامە) ئەتوانێ خەڵك فێری وشیاری بکا! ئەتوانێ ڕێنمایی بکا ئەگەر لە ڕێنمایی دەرچوو هاوڵاتی ئینجا سزای بدا بە پارە تا هاوڵاتی سەرپێچیکار تەمبێ ئەبێت! لەوکاتە هاوڵاتی بۆخۆییو منداڵەکانیشی ئەبێتە پەروەردە کار، بەلام ئێمە هەر چاومان لەوە بێت حکومەت بێ هەموو شتێك بکا ئەوە هەڵەیە. بەگشتی گەشتوگوزار، ئەوەیە کۆمەڵگا یەکەم بەرپرسە دەسەلات چاودێرەو ڕێنمایی کارە، بەلام ئەگەر



کۆمەڵگا خۆیی پەروەردە نەکاتو وشیاری نەبێت، چاودێریەکەی دەستەلات هەر چۆنێك بێت چەند لەپێشەوە بێت گەشتوگوزار پێش ناکەوێ!

**گوندی گەشتوگوزاری ( پانك ) لە ڕواندز چۆن دەبینی؟**

**نزارخەیلانی:** ئەوە دەستپێکە بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەو ناوچەیە، ئەگەر ئەمە گەورەتر بێتو هەموو ئەو بوارانەی من زانیومە لێی دروست بن، وەك: بازاڕگای گەشتیاری، شاری یاری، هۆڵی ئاهەنگو سیمینار، ئەگەر ئەمە پەرەبسێنێ چەندین گوندی تری لەمشێوەیە دروست دەبن. لای من ئەوە دەستپێکە، ئەوەی ئەو دەستپێکەشی کردووە جێی خۆیەتی دەست خۆشی لێبکرێت. ئەتوانم بڵێم: هەر لە ڕواندزەوە تا حاجی ئۆمەران، قەندیل، سیدەکان، ڕوست، گرتك، هەمووی لایەقی ئەوەیە بکرێت بە گوندو بنکەی گەشتوگوزاری.

**دوا وتەت؟**

**نزار خەیلانی:** ئەمەوێ بڵێم خۆشەویستیەکی زۆرم بۆ کوردستان و ناوچەی سۆران هەیە، بەتایبەتی کە خۆم خەڵکی ئەم ناوچەیەم. دەخوازم نموونەی ئەو کەموکورتیانەو هەڵانەی لە ڕووی گەشتوگوزاریو ژینگەوە هەن چارەی بکەین، پاکو خاوێنی ڕابگرن، بایەخ بەبنکە گەشتوگوزاریەکان بدەنو وشیاربینەوە... ئێستاش چەندین گۆڤارو هەفتەنامەو ڕادیۆ لە سۆران بونیان هەیە، ئەوانە دڵخۆشکەرن سەرکەوتن بۆ هەموان.